# ئایا مەحەممەد خوێندەوار بووە یان نە؟
## ئامادەکردنی: شاهۆ ب. ڕۆژهەڵات

هەر لەو ڕۆژەوە کە ئیسلام هاتۆتە نێو ژیانی مرۆڤەکان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێ پرسیار و ڕەخنە بۆتەوە کە ئەگەرچی موسڵمانان ویستوویانە کە بەشێوەیەک وەڵامی ئەو ڕەخنانە بدەنەوە بەڵام هەتا ئەمرۆ هیچ موسڵمانێ لە هیچ جێیەکی ئەم دونیایە نەیتوانیوە زانسیتانە تەم و مژ لە سەر ئایەتەکانی قورئان لادات و وەڵامێکی زانستیانە بخاتە بە دەمی ڕەخنەگرانەوە. تا ڕەخنەیەک لە ئیسلام دەگیرێ، وەک کوفر چاوی لێدەکرێ و ڕەخنەگەر بە سەزاواری جەزا و مەرگ دەزانن.

یەکێ لەو پرسیارانەی کە موسڵمانان نەیانتوانیوە وەڵامێکی زانستی بۆ وەبینن خوێندەوار بوون یان نەخوێندەوار بوونی پێغەمبەر ئیسلامە یانی مەحەممەد. هەڵبەت موسڵمانان بە تایبەت سونیەکان هەموو لە سەر ئەو باوەڕەن کە مەحەممەد "امی" بووە و نەخوێندەوار، تا لە لایەکیتر بسەلمێنن کە کتێبی قورئان لە لایەن مرۆڤێکی نەخوێندەوارەوە هاتووە و ئەوە موعجەزەیەکی گەورەیە بۆ موسڵمانەکان. بەڵام شیعەکان مەحەممەد بە مرۆڤێکی خوێندەوار دادەنێن.

مەسەلەی خوێندەوار بوون یان نەخوێندەوار بوونی مەحەممەد چەندین سەدەیە کە مێشکی ئیسلام ناسانی بە خۆیەوە مەشغوڵ کردووە و تا ئەمرۆ لەم بارەوە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی باش و زانستیش کراون.

هەر وەک دەزانین کە کتێبی قورئان ئەوەندە مودێرن و پێشکەوتووانە نەنووسراوە کە وەک موعجیزە چاوی لێبکرێت، بەڵکو پڕە لە هەڵە، جا چ لە بواری ناوەڕۆکەوە و چ لە بواری دارشتنەوە و چ لە بواری ڕێزمان و گرامێری ئەو زمانەی کە پێی نووسراوە واتە عەرەبی. لە زۆر لاپەڕەی قورئاندا زۆر ئایە و ڕەستە تا ئەمرۆ دیتراونەوە کە لەگەڵ ئیلهامی خودایەوە و زانستی ئەمرۆی بەشەر دژایەتیان هەیە. ڕاستی دەبێ بگوترێت کە قورئان دەتوانێ وەک بەرهەمێکی فەلسەفی و ئەدەبی و مەزهەبی لە جەزیرەی عەرەبستاندا و لە سەدەی حەوتی میلادی چاوی لێبکرێت. شێوەی دارشتنی شاعیرانەی ئەو کتێبە و جوانکاریەکانی تایبەت بە زمانی عەرەبی کە لەو کتێبەدا بەکار هاتوون هەموو ئەوە دەسەلمێنێت کە داندراو و سازکراوی مێشکی مرۆڤێکی زانا و ژیر بووە.

با پێش ئەوەی زۆرتر بچینە قوڵایی باسەکەوە ئاورێ بدەینەوە بو هەل و مەرجی ئەو کاتەی عەرەبستان پێش هاتنی مەحەممەد. کە تا ڕادەیەکی زۆریش دەسەلمێنێ کە پێغەمبەری موسڵمانان خوێندەوار بووە نەک امی.

ئەگەر چاو لە بەرهەمە ئەدبیەکانی پێش ئیسلام بکەین دەبینین کە ڕێزمان و یاسای دارشتنی ڕەستەکان لەو سەردەمەدا زۆر لە پێش بووە و شاعیران و وتاربێژانان بە شێوازێکی شیاو و پاراو بەرهەمەکانیان خولقاندوون. لە ژیانی عەرەبەکانی پێش ئیسلام شێعر یەکێ لە ڕەواجترین دیاردەکان بوو و وەک یەکێ لە پێداویستیەکانی ژیانی خەڵکی عەرەبستان چاوی لێدەکرا و گرینگی دەدریایە. "کلێمێنت هوارت"(1) یەکێ لە گەورەترین عەرەبناسانی ئەورووپای بناغەی ژیانی عەرەب لە سەر چوار شت دادەنێ: یەکەم وشتر، دووهەم ڕەشماڵ یان خەیمە، سێهەم شمشێر، چوارەم شێعر. ئەم چوار شتە لە لای عەرەبەکان بە پیرۆز دادەندران و کاتێ کەسێ قسەیەکی بە شێعر دەوەنیەوە، زۆرتر لە سەر قەبیلەکان و خەڵکدا دەوری دەبوو. هەر بۆیە مەحەممەد بە چاولێکەری لە جولەکەکان (یەهودیەکان) بۆ گوتنی قسەکانی خۆی لە شێعر و ڕەستەی ئاهەنگدار واتە ڕیتمدار کەڵکی وەرگرت. بۆ خۆی لە شەڕەکاندا قورئانی بە شێعر و بە دەنگی خۆش دەخوێندەوە و بەم شێوەیە لە باری ڕووحیەوە شەرکەرەکانی زۆرتر هان دەدا بۆ کوشتنی دوژمنانی ئیسلام.

عەرەبەکان هەست و حاڵەتە دەروونیەکانیان وەک خۆشی، ناخۆشی، پیکەنین، غەمباری و دڵتەنگی دەخستە سەر شانی شێعر و بە شێوەی شێعری بەیانیان دەکرد. عەرەبەکان هەست و حاڵەتی قەڵس بوونیان لە شێعرەکانی"اعشی" دا و ئیحساسی ترسانیان لە شێعرەکانی "نابغە"دا دەدی و کاتێ دیان

ویست کە برۆن بۆ شەر و بۆ ئەوەی غیرەت و نەترسی لە خۆیاندا زیاتر بکەن شێعرەکانی"عنترە" یان دەخوێندەوە"(2)
شێعر تا رادەیەک لە ژیانی ئەو سەردەمەدا بایخی دەدرایە کە هەر ساڵ لە بازاری "مەکارە" شاعیران و پەخشانبێژانی عەرەب کۆ دەبوونەوە و بەرهەمەکانیان بۆ خەڵک دەخوێندەوە و هەر شێعرێ یان هەر وتارێ لە لایەن خەڵکەوە پەسەند کرابا شێعرەکەی بە خەتێکی زێرین و لە سەر پارچەیەکی هاوریشمی دەنووسرا و بۆ ماوەی یەک ساڵ لە دیواری کەعبە هەڵدەواسرا و هەر بەم بۆنیەوە بەو شێعرانە دەگوترا "معلقات".
"امری القیس" یەکێ لە ناودارترین شاعیرەکانی ئەو سەردەمە بوو کە شێعرەکانی لە دیواری کەعبە هەڵواسرابوو. لە "عایشە" یەکێ لە ژنانی پێغەمبەر دەگێرنەوە کە گوتوویەتی، مەحەممەد ئەوەندە ئاشقی شێعرەکانی امر القیس بوو کە هەموو بەیتەکانی قەسیدەیەکی دووروو درێژی ئەو شاعیرەی لەبەر بوو. هەر وەها "ابن هشام"، "ابوداود"، "ابن حنبل"، "حمیدالە"، "ابن سعد" کە هەموویان لە ئیسلامناسان و لێکۆڵەرانی ژیانی مەحەممەدن گوتوویانە کە پێغەمبەر ئەوەندە ئاشقی شێعر بووە کە زۆر جار شێعری بە کار هێناوە لە زمانی رۆژانەی.(3)
هەر ئەوەندە گێرانەوەیە لە مێژووی پێش ئاشکرابوونی ئیسلام دەسەلمێنی کە ناتوان درێت مەحەممەد نەخوێندەوار بووبێت، بەڵکو خوێندەواری تەواوی هەبووە و هەر لە منداڵیەوە خۆی بۆ گەورە بوونێکی هەتا هەتایە ئامادە کردووە.
ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە مەحەممەد نەیویستووە کە خەڵک ئاگاداری زانیاری و ئەندیشەی وی بن تا بتوانێ لە رۆژی خۆیدا و بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی بەهرەی لێوەرگرێت. ئەو دەیویست کتێبێ بۆ عەرەبەکان بێنێت کە لە کتێبی موقەدەسی موسایی و عیسایەکان پیرۆزتر بێت و گەورەتر. پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل لەوەتا هاتبوون هەر گوتبوویان کە ئەوان لە لایەن خوداوە ناردراون و ئەوەی دەیڵەن قسەی خودایە و هیچ کەس ناتوانێ کە وەک ئەو قسانە لە هیچ شوێنێک پەیدا بکات. مەحەممەدیش هەر بەم شێوەیە لەگەڵ دەورووبەری دەدوا هەتا ئەو رۆژەی کە مرد، هەر ئەو قسانەی دەگووتن و دەگووتنەوە.
هەر وەک دەزانین کە بنەماڵەی "هاشم" کە مەحەممەد لەوێدا لە دایک بوو، خاوەن سەروت و سامانێکی زۆر نەبوون، بەڵام یەکێ لە رێزدارترین بنەماڵەکانی "مەکە" دادەندران. باپیرەی مەحەممەد بە نێوی "عبدالمطلب" و مامیشی"ابوطالب" کە ببوونە بەرپرسی پەروەردەکردنی، بە دڵنیایەوە وەک زۆربەی بنەماڵە رێزدارەکانی مەکە، هەوڵی فێر کردن و رەنیوهێنانی جوانی مەحەممەدیان دەدا. دواتر لەگەڵ ئاشنابوونی لەگەڵ "خەدیجە"، دەبێت بە بەرپرسی کاروان و کارە تەجارەتیەکانی وی کە لێرەدا خوێندەوار بوونی ئەو کەسە وەک سەرەکیترین تایبەتمەندی بۆ کەسێ کە کاری تەجارەت بکات حاشا هەڵنەگرە. هەر وەها مەحەممەد پێش ئاشکرا کردنی پێغەمبەرایەتیەکەی بە دڵنیایەوە لەگەڵ رەوشەنبیران و خوێندەوارانی یەهودی و مەسیحی لە پەیوەندی دابووە و تورات و ئینجیلی خوێندۆتەوە. دواتر لە رێگای کاروانەکەی خەدیجەوە کە دایم لە سەفەر دابوون لەگەڵ زۆر فەرهەنگ و ئەندیشەیتر وەک فەرهەنگی حەبەشە و شارستانیەتی میسر و شارستانیەتی ئێران و ئەندیشەی زەردۆشت ئاشنا دەبێت. دواتر دەشبینین کە "سەلمانی پارسی" و "بەلالی حەبەشی" دەبن بە دوو هاورێ و یارمەتیدەری فیکری مەحەممەد.
بە دڵنیایەوە لە کاتی لە دایک بوونی مەحەممەد، دیاردەی فێربوون و خوێندەواری لە "مەکە" باو بووە. هێندێ لە موسڵمانان دەڵێن کە خوێندن و نووسین تا کاتی "حارب" باوکی "ابوسوفیان" یەکێ لە گەورەترین دوژمنانی مەحەممەد، لە "مەکە" وجوودی نەبوو و "حارب" ئەو دابەی لە ساڵی 560 پێکهێنا. چونکە پێش ئاشکرابوونی مەحەممەد وەک پێغەمبەر پێوەندیەکی زۆر نزیکی بازەرگانی لە نێوان "مەکە" و "یەمەن" دا هەبوو و چەندین سەدە پێش لە "یەمەن" خوێندن و نووسین باو بوو. بەڵگەیەکیتر کە نیشان دەدا باپیری مەحەممەد واتە "عبدالمطلب" لە کاتی لاوەتیدا، لە ساڵی 520 پێش زایینی نووسراوەیەکی ناردووە بۆ مەدینە و داوای یارمەتی لێکردوون.(4)

لەگەڵ ئەوەشدا نزیک بە دوو سەد ساڵ پێش لە هیجرەتی مەحەممەد، جولەکەکان و مەسیحیەکان کە لە دەورووبەری "مەکە" دەژیان، توانای خوێندنەوە و نوسینیان هەبووە.
"مویێر" وەک یەکێ لە توێژەرە بە ناوبانگەکانی ئیسلام دەنووسێ:" هیچ دردۆنگێ لەوەدا نییە کە خوێندنەوە و نووسین پێش 560 پێش لە میلاد لە "مەکە"دا باو بووە. بە پێی ئاساوارە مێژوویەکانی دیتراوە لەو ناوچەیەدا نووسینی عەرەبی لە ساڵەکانی سەرەتای هاتنی مەحەممەد لە "مەکە"دا هەبووە. هەر وەها لەو سەردەمەدا پێستی دارخورما و قامیش بە ئەندازەی پێویست وەدەست کەوتووە بۆ شت لەسەرنووسین."(5)
"مویێر" لە درێژەی قسەکەدا ئاماژە بە شەری "بەدر" دەکات کە زۆربەی ئەسیرەکانی کە خەڵکی "مەکە" بوون، مەجبوور کران کە بە منداڵەکانی شاری "مەدینە" خوێندن و نووسین فێرکەن و تەنیا کاتێ ئازاد دەکران کە ئەو ئەرکەیان بە تەواوی بەجێ هێنابا." ئەوە دەسەلمێت کە خەڵکی "مەکە" زۆر زۆرتر توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەبووە لە خەڵکی "مەدینە".
"ڤان مارتین هارتمەن" یەکێکی‌تر لە لێکۆڵەرانی مێژوی ئیسلام لەمبارەوە لە کتێبی"دونیای ئیسلام"دا" دەنووسێ:" کاتی هاتنی مەحەممەد نووسین لە" یەمەن" و عەرەبستانی باکوور زۆر بەر چاو بوو و لە نێوان مەکە و قەبیلەکانی دەورووبەردا و هەر وەها لەگەڵ ئێرانی ئەو کاتیش پێوەندی هەبوو" دواتر دەنووسێ:" بە دڵنیایەوە نووسین لە سەر پێست لە کاتی هاتنی مەحەممەد رەسم و دابێکی زۆر جێکەوتوو و ئاسایی بوو."(6)
بە پێچەوانەی ئەوەی کە موسڵمانان بە سەردەمی پێش ئیسلام دەڵێن جاهلیەت واتە سەردەمی نەزانی و دواکەوتووی، ئەو سەردەمە لە قەدەر توانا و بە پێی هەل و مەرجی ئەوکاتە لە پێش بوون. بەڵام کەم و زۆریان لە نێو دابووە. وەک چۆن ئەمرۆ ولاتانی دواکەوتووی موسڵمان لەگەڵ ولاتانی پێشکەوتووی کافر جیاوازیان هەیە، ئەو سەردەمیش ئەو جیاوازیە بیندراوە لە نێوان "مەکە" و "یەمەن" وەک دوو شوێن کە خوێندەواری و نووسینی لێبووە لەگەڵ شوێنەکانی‌تر عەرەبستاندا.
بەڵگەهایەکی زۆر هەن کە نیشان دەدەن سەردەمی مەحەممەد فێر بوون و نووسین باو بووە و بە دڵنیایەوە مەحەممەدیش لەو نووسین و خوێندنەوەیە بێبەهرە نەبووە. با دیسان بچینەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئیسلام. دەگێرنەوە کە "ئیمام عەلی" دەستوورەکان و ئەحکامی پێغەمبەری دەنووسینەوە و بۆ خاتری ئەوەی هەمیشە لە بەر دەستی دابن، لوولی دەکردن و لە خەلافی شمشێرەکەی دەنان.(7)
دوو کەس بە ناوەکانی "جابر و یاسر" کە لە "مەکە" شمشێریان ساز دەکردن، هەر کات کە مەحەممەد لە قەراغیان رەت دەبوو و ئەوان تورات و ئینجیلیان دەخوێندەوە، راوەدەستاو گوێی بۆ دەگرتن. لە بەرگی یەکەمی " احادیث النبوی صحیح البخاری" هاتووە کە "ورقه بن نوفل" مامی "خەدیجە" عادەتی وابوو کە ئینجیل وەخوێنێت و دواتر بە پیتی عیبری بێنووسێتەوە" (8)
هیچ شکێ لەوە دانیە کە هاتنی ئیسلام پرۆسەی خوێندن و نووسینی لە عەرەبستاندا بەرەو پێش برد، بەڵام هەرگیز وەک یەکەم جار لە لایەن ئیسلامەوە دانەمەزراوە. "لوئی چیخۆ" لە کتێبێدا بە نێوی "دایرةالمعارفێ لە ئیسلام" بەشێکی تەواو لە کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆر هونەری نووسین پێش هیجرەتی مەحەممەد لە "مەکە"وە بۆ "مەدینە" بە دەست مەسیحیەکانەوە بووە لە عەرەبستانی باکوور و باشوور.(9)
لە نێو ژنانی مەحەممەدیش "عایشە و حفصە" توانای خوێندن و نووسینیان بووە. لە قورئانیش دا زیاتر لە 240 جار لە وشەگەلی وەک "نووسین و کتاب" بە کار هاتوون کە ئەوە خۆی دەتوانێ دەلیلێ بێت بۆ بوونی خوێندن و نووسین لە سەردەمی پێش ئیسلامدا. دواتر کەسێ کە دانەری ئەو هەموو ئایەت و رەستانە بێت چۆن لەگەڵ هزری مرۆڤ دێتەوە کە بێسەواد و نەخوێندەوار بووبێت.
خەڵکی "مەکە" هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە و لەو کاتەوە کە مەحەممەد نوێنەرەکانی خۆی دەنارده ولاتە دراوسێکانی بۆ دەعوەت کردنیان بۆ ئیسلام، کەڵکیان لە چەرم و دار خورما و پێستی شانی وشتر و کۆزە گڵیەکان و بەردە سپیە پانەکان وەر دەگرت. لێرەدا پرسیارێ دێتە پێش. ئەگەر لە پێش ئیسلامدا نووسین و خوێندنەوە نەبووبێت و خوودی مەحەممەدیش خوێندەوار نەبووبێت ئەوە چۆن

ئاوا زوو پێغەمبەر ئەقڵی بەوە شکا کە  نامە بنێرێت و نامەنیگاری بکات لەگەڵ پاشاکانی وڵاتانیتر؟ ئەوە دەسەلمێنێت کە مەحەممەد توانای نووسین و خوێندنەوەی هەبووە و ئاشناش بووە لەگەڵ کاربوردەکانی نووسین. لە لایەکیترەوە بە پێی ئەو بەڵگانە وێ دەچێت کە مەحەممەد خاوەنی چەن سکرێتەریش(مونشی) بووبێت.

لە پایتەختی مەزهەبی عەرەبستان یانی "مەکە" کە زیارەتگایەکی کشتی بووە بۆ خەڵک و بازەرگانانێکی زۆر هات و چۆیان کردووە بۆ ئەو شارە، دەبێ زیاتر لە حەفدە کەس خوێندەواری تێدا بووبێت- چون لە هێندێ شوێندا نووسراوە کە لە هەموو جەزیرەی عەرەبستاندا تەنیا حەفدە کەس خوێندەوار بوون. مەحەمەدیش کورێکی زیرەک و زانا بووە کە ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی کاروانەکانی خەدیجە بوو و بۆ ناوچە دوورەکان وەک "سوریە" سەفەری دەکرد. بە ئەرخەیانەوە هەوڵی زۆرتر کردنی زانیاری خۆی داوە. ئەگەریش ئەو هەلەی بۆ نەرەخسا بێت دیسان توانیویەتی لە ژنەکانی وەک "حفصە" و لە دواتردا لە "عایشە" خوێندەواری فێر بووبیت.
هێندێ لە سەر ئەو باوەرەن کە مەحەممەد پێش هیجرەت توانای نووسین و خوێندنی نەبووە، بەڵام دوای وی ئەو هونەرە فێر بووە. ئایەی 48 سورەی "العنکبوت" واتە "جاڵجاڵۆکە"دا ئاوا هاتووە:" **وَمَا كُنتَ تَتْلُو مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذاً لَّارْتَابَ الْمُبْطِلُونَ** (48) و تۆ پێش ئەوەی توانای خوێندنی کتێب و نووسینی خەت بە دەستی راستت نەبوو هەتا نەکا ئەو کەسانەی دەیان هەوێ قسەکانی تۆ باتیڵ کەن، شەک و دردۆنگیان هەبێت." ئەو ئایەتە لەگەڵ ئەوەی کە موسڵمانان هاتوون و بە سەلماندنی تەفسیرە هەڵکانی خۆیان هێندێ تایبەتمەندیان داناون بۆ ئایەتەکانی قورئان وەک ئەوەی کە دەڵێن دەبێ شاءنی نزولی ئایەتەکان بزاندرێت و لەم جۆرە قسانە، دیسان بە زمانی بی زمانی هاوار دەکا کە مەحەممەد خوێندەوار بووە.
گەورەترین بەڵگەیەک لە موسڵمانان بە دەستیانەوە بۆ نەخوێندەوار بوونی پێغەمبەریان، هێنانی وشەی "امی"یە لە قورئاندا. وشەی " امی" شەش جار لە قورئاندا هاتووە و هێندێ لە موفەسرین بە نەخوێندەوار مانای دەکەنەوە. جا با لێرەدا با بە وردی وشەی " امی" شیبکەینەوە و بزانین وەک موسڵمانان دەڵێن شاءنی نزولی ئەو ئایەتانە چیە؟ پێش هەمو شتێ با ئەو ئایەتانەی کە ئەم وشەیان تێدا هاتووە بخەینە روو. ئایەی 78 سورەی " بقرە" دەڵێ:" **وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لاَ يَعْلَمُونَ الْكِتَابَ إِلاَّ أَمَانِيَّ وَإِنْ هُمْ إِلاَّ يَظُنُّونَ .**" مانای ئایەکە ئاوا نووسراوە:" و لە وان" امییون"ێکن کە نازانن کتێب چیە، بەڵام ئارەزووهایەکیان لە سەر دایە و تەنیا پابەندی خەیاڵاتی خۆیانن."
بەشێ لە ئایەی 20 سورەی" آل عمران" دا ئاوا نووسراوە:"**... وَقُل لِّلَّذِينَ أُوْتُواْ الْكِتَابَ وَالأُمِّيِّينَ أَأَسْلَمْتُمْ فَإِنْ أَسْلَمُواْ فَقَدِ اهْتَدَواْ وَّ...** " ماناکەی ئاوایە:" ...و بڵێ بە ئەهلی کیتاب و امیین( ئایا ئێوە ئیمانتان هێناوە؟) ئەگەر ئەوان ئیمانیان هێناوە، ئەوە هیدایەت بوون..."
ئایەی 75 سورەی آلعمران دیسان هاتووە کە:" **وَمِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مَنْ إِن تَأْمَنْهُ بِقِنطَارٍ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ وَمِنْهُم مَّنْ إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لاَّ يُؤَدِّهِ إِلَيْكَ إِلاَّ مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِماً ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ.**" ماناکەی ئاوایە:" و لە ئەهلی کتێب هێندێ ئەوەندە راستن کە ئەگەرماڵێکی زۆریشیان لە لا بە ئەمانەت دابندرێت، ئەمانەتەکە رەت دەکەنەوە و هێندێ ئەوەندە ناراستن کە ئەگەر دیناریکیان بدەنێ بە ئەمانەت، ناتدەنەوە، مەگەر ئەوەی کە زۆریان لێبکرێت، بۆیە کە دەڵێن کە بۆ ئیمە ئەهلی کتێب خواردنی ماڵی کەسیتر هیچ گوناح نییە و ئەو قسەیە بە دمی خودا هەڵدەخەن، بەڵام ئەوە لە کاتێ دایە کە ئەوان دەزانن کە درۆ بە زمان خوداوە هەڵدەبەستن."
بەشێ لە ئایاتی 156-157 سورەی "اعراف" لە قورئاندا  ئاوا هاتووە کە:" **الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الرَّسُولَ النَّبِيَّ الأُمِّيَّ الَّذِي يَجِدُونَهُ مَكْتُوباً عِندَهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ و ... ... فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ...**" مانای ئەو دوو بەشە ئاوای لێدێت:" ئەوانەی کە لە رەسووڵی خودا پەیرەوی دەکەن... ... پەس بە خودا و رەسووڵی امی وی ئیمان بێنن...."

ئایەی 2 سورەی "جمعە" لە بەشێکیدا ئاوا نووسراوە کە:" **هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ ... .**" ماناکەی ئاوایە کە: ئەو خودایە کە لە نێوان امیین ڕەسوولێکی لە نێوان وان هەڵبژارد ... ." گەورەترین دەلیلێ کە موسڵمانان هەیانە بو نەخوێندەوار بوونی مەحەممەد و قورئان بە موعجیزەی پێغەمبەری بێسەواد دەزانن، بوونی وشەی " امی"یە کە هێندێ لە موفەسرین بە مانای نەخوێندەواریان مانا کردۆتەوە. بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە ئیسلامناسان و مێژوناسانی عەرەب کردوویانە ئەو ئیدیعایەی موسڵمانان ڕەتدەکەنەوە. "ئەگۆست موولێر" ئیسلامناسی ناودار لە سەر ئەو باوەرەیە کە " امی" وشەیەکی لە بنەرەتدا "عیبری"ە بە نێوی "goi" و یان " goyim" کە هاتۆتە زمانی عەربییەوە. ئەو وشەیە بە دەستی مەحەممەد ساز نەبووە بەڵکو لە وتووویژێ لەگەڵ بەنی ئیسرائیلیەکاندا گوێی لێبووە کە بە مانای " یەکێ یان هەموو ئەو کەسانەی کە لە رەگەزی ئیسرائیل نین." و یان بە مانای " ئەوانەی کە خاوەن کتێبی ئاسمانی نیین." (10) ئەو قسەیە لە لایەن زۆر ئیسلام ناس و شارەزای تری قورئان وەک "تورێی"(11)، "پالمێر"(12)، "روودۆڵ"(13)، " لەین"(14)، " مۆری تائیدیان لێدراوە.

یەکێ لەو بەڵگانەی کە "تورێی" (15)بۆ سەڵماندنی ئەوەی کە " امی" مانای کەس یان کەسانی غەیرە یەهودی" بە کار هاتووە، دەگەرێنێتەوە بۆ ئایەی 78 سورەی بقرە کە لەو سوورەیەدا لە ئایەی چلەوە بەو لاوە باسی یەهودیەکان دەکا و لە خودی ئایەی حەفتا و هەشتیشدا دەڵێ :" کە لە نێو ئەواندا ( امیینێ) هەن کە لەگەڵ کتێبی موقەدەس ئاشنایەتیان نیە، بەڵام ئەرەزووهایەکیان لەسەر دایە و پابەندی خەیاڵاتی خۆیانن." دواتر ئامازە بە ئایەی 79 سورەی "بقرە" دەکات. لەو سورەیەدا ئاوا نووسراوە :" **فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ يَكْتُبُونَ الْكِتَابَ بِأَيْدِيهِمْ ثُمَّ يَقُولُونَ هَـذَا مِنْ عِندِ اللّهِ لِيَشْتَرُواْ بِهِ ثَمَناً قَلِيلاً فَوَيْلٌ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتْ أَيْدِيهِمْ وَوَيْلٌ لَّهُمْ مِّمَّا يَكْسِبُونَ.**" ئەوەش ماناکەی :" وای بۆ ئەو کەسانەی کە کتێبی موقەدەس بە دەستەکانی خۆیان دەنووسن، دواتر دەڵێن کە ئەوە کەلامی خودایە و بە قیمەتێکی ئەرزان دەیفرۆشن. وای بۆ ئەو کەسانەی کە بە دەستەکانیان شتی وایان نووسیوە و وای بۆ وان و ئەو شتانەی کە لەو رێگەوە بەدەستی دێنن." هەر وەک لەو ئایەو ئایەی پێشدا دەیبینین کە خودا دەڵێ " وای بە حاڵی ئەو کەسانەی کە کتێب بە دەستەکانی خۆیان دەنووسن" و ئەو رەستەیە دەگەرێتەوە بۆ " امییون" یانی رووی قسەی خودا لەگەڵ " امییون"ە و دەسەلمێ کە ئەگەر " امی" بە مانای نەخوێندەوار بوایە ئەو کات خودا پێویستی بە هەرەشە نەبوو کە پێیان بڵێت کتێب نەنووسن. چون دەیزانی کە ئەوان ئومین و نەخوێندەوارن و توانای کتێب نووسینیان نیە.

لە ئایەی 20 سورەی "آل‌عمران"یش دیسان خودا باسی ئەهلی کتێب و ئومی لەگەڵ یەک دەکا و لە لای یەکیان دادەنێت. لەو ئایەتانەشدا مەبەست لە ئەهلی کتێب هەر جولەکەکان و مەسیحیەکان بوون و مەبەستیش لە ئومی تەنیا دەتوانێ کەس یان کەسانی غەیرە موسایی بێت، نەک بە مانای نەخوێندەوار.

"روودۆڵ" (16) لە تەفسیری ئایەی 158 سورەی "اعراف" دا نووسیویەتی، کە وشەی "امی" لەو ئایەدا بەرامبەرە بە وشەی "رەگەز" لە زمانی یونانیدا و وشەی "Goyim " لە زمانی عیبریدا. ئایەی 158 سورەی "اعراف" دا نووسراوە :" **قُلْ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي رَسُولُ اللّهِ إِلَيْكُمْ جَمِيعاً الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ لا إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ يُحْيِـي وَيُمِيتُ فَآمِنُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ الَّذِي يُؤْمِنُ بِاللّهِ وَكَلِمَاتِهِ وَاتَّبِعُوهُ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ.**" ماناکەی ئاوایە کە :" بڵێ ئەی خەڵک! کە بەراستی من لە لایەن خوداوە بووم بە رەسووڵی هەموو مرۆڤەکان(بەشر)، هەر ئەو خودایەی کە خاوەنی زەوی و ئاسمانە، هیچ خودایەک جگە لە وی زیندوو ناکاتەوە و نامرێنێت. کەوابوو ئیمان بێنن بە خودا و پێغەمبەری ئومی(امی) وی کە پەیرەوی خودا و قسەکانی ویە، و وەدوای وی کەون رەنگە هیدایەت بن."

"روودۆڵ" لە سەر ئەو بروایە بوو کە مەحەممەد بۆ ئەوەی کە قورئان وەک موعجیزە بە خەڵک بناسێنێت هەمیشە خۆی وا نیشان دەدا کە توانای خوێندن و نووسینی نییە. بەڵام بێشەک لەگەڵ چیرۆکەکانی تورات ئاشنا بووە.

هێندێ کەس لە سەر ئەو باوەرەن کە وشەی " امی" لە لایەن جولەکەکانەوە بە مەحەممەد دەگوترا. چون یەهودیەکان پێیان وابوو کە پێغەمبەرایەتی تەنیا تایبەتە بە نەتەوەی یەهود و ئەوە

نیشانەی لوتفی خودایە کە فەقەت بو جولەکەکانە و پێغەمبەریش هەر دەبێ لە نێو یەهودیەکانەوە بێت. هەر بۆیە بە مەحەممەدیان دەگوت "پێغەمبەری امی" یانی پێغەمبەری غەیرە عەرەب.
پێغەمبەریش ئەو وشەیە لە وان فێر بوو و لە ئایەتەکانی قورئاندا بە کاری هێنا بۆوەی کە بڵێ بۆ هەموو نەتەوەکانی دونیادا هاتووە.
بەڵگەیەکیتر کە دەسەلمێنیت وشەی " امی" بە مانای " غەیرە یەهودیەکان" بەکار هاتووە، ئایەی 75 سورەی "آل‌عمران"ە. لەو ئایەتەدا وشەی " امیین" لە دوای وشەی ئەهلی کتێب هاتووە و ئەگەر بیری لێبکەینەوە لەو ئایەتەدا ناتواندرێت بە مانای نەخوێندەوار بێت، چونکە زانستی نییە کە قورئان بە یەهودیەکان بڵێ:" ئەو جولەکە نەخوێندەوارانەی کەماڵی خەڵک دەخۆن."
لە سەرجەم ئەو ئایەتانەی کە وشەی " امی"یان تێدا نووسراوە جگە لە یەک ئایە هەموو باسی یەهودیەکان و کردەوە و رەوتاری وان دەکات. و لە ئایەی 2 سورەی " جمعە"دا نووسراوە کە:" ئەو خودایەکە، کە لە نێو ( امیین) پێغەمبەرێکی هەڵبژارد." مەبەست لەو ئایەش ئەوەیە کە خودا پێغەمبەرێکی غەیرە کەلیمی(غەیرە یەهودی) هەڵبژاردووە نەک نەخوێندەوار.
با ئێستا ئاور بدەینەوە بۆ موفەسرینی ئیسلامی و بزانین ئەوان جیان نووسیوە لەمبارەوە.
"محمەد بن جریر الطبری" یەکێ لە گەورەترین موفەسرینی قورئان سەبارەت بە تەفسیری ئایەی 20 سورەی " آل‌عمران" دەنووسێ کە:" (امیون) لە نێو عەرەبەکان بەوانە دەگوترا کە پەیرەویان لە کتێبی موقەدەسی ئاسمانی نەدەکرد."(17)
کتێبی فەرهەنگ لوغەتی " تاج العروس" باسی ئەوە دەکا کە مەحەممەد توانای خوێندن و نووسینی هەبووە، بەڵام بە جوانی نەیتوانیوە کە وەخوێنێت و بنووسێت.(18)
" ابن عباس" لە تەفسیری ئایەی 20 سورەی "آل‌عمران"دا دەڵێت کە وشەی " امی" بەو کەسانە دەگوترا کە نە پێغەمبەرێکیان بۆ هاتووە و نە کتێبێکی ئاسمانیان بۆ ناردراوە." (19)
"طبری"یش لە تەفسیری ئەو ئایەدا دەنووسێ کە وشەی" امی" بەو کەسانە دەگوترا کە کتێبی ئاسمانیان بۆ نەناردراوە وەک ئەو عەرەبانەی کە دینێکیان نەبوو، بەڵام یەهودیەکان و مەسیحیەکان چون خاوەن کتێبی ئاسمانین، بەوانە دەگوترا "ئەهلی کتێب" (20)
لە وەرگێران و تەفسیری موسڵمانە عەرەبەکانیشدا زۆر بەڵگە هەن کە باسی ئەوە دەکەن کە " امی" بە مانای نەخوێندەوار نییە. وەک "محمد علی" لە کتێبێدا بە نێوی "قورئانی موقەدەس" لە تەفسیری ئایەی 2 سورەی "الجمعە" دەنووسێ: کە "امی" بەو کەسانە دەگوتران کە خەڵکی "مەکە" بوون و دواتر دەڵێ کە پێغەمبەر دوای هیجرەتی ئەگەرجی لە سکرێتەر(مونشی) کەڵکی وەردەگرت، بەڵام بۆ خۆشی توانای خوێندن و نووسینی هەبوو.(21) لە پێشەکی کتێبەکەی "محمد علی"دا هاتووە کە مەحەممەد پێش مردنی، ئایەتەکان و سورەکانی قورئانی بەو شێوەیەی کە ئەمرۆ لە بەر دەستی ئێمە دایە، ئامادەی کردوون، بۆ ئەم ئیدیعایەی خۆشی بەڵگە دێنێتەوە کە ئاماژە بە ئایەی 79 سورەی "واقعە" دەکات کە نووسراوە:" لَّا يَمَسُّهُ إِلَّا الْمُطَهَّرُونَ." بەو مانایە کە :" نابێت کەس دەس لە (قورئان)دا جگە لە کەسە خاوێنەکان."
پرسیارێ دێتە پێش کە ئەگەر لە سەردەمی پێغەمبەردا قورئان وەک نووسراوە نەبووە و تەنیا لە مێشکی حافزەکاندا مابۆوە، ئەو ئایە بۆ دەبێ نازل ببێت و بڵێ کە تەنیا ئەوانەی کە خاوێنن، دەس لە قورئان بدەن؟ کاتێ قورئان لە مێشکدا بێت ئەوە پێویست ناکا خودا ئایە بنێرێت و بڵێ کە دەستی لێ مەدەن، چونکە دەس لە مێشک نادرێت یانی بە دەس مێشک لەمس ناکرێت.
لە زمانی "عومەر"وە خەلیفەی دووهەمی سونیەکان گێردراوەتەوە کە نوسخەیەک لە سورەی "طە" بە تەواوی لە ماڵی "فاتیمە" کچی پێغەمبەر دیترایەوە.(22) ئەگەر ئەو قسە راست بێت، جگە لە مەحەممەد چ کەسێکیتر دەتوانێ نووسیبێتی؟
لە نێوان شیعە و سونیەکان بیر و رای جیاواز هەیە سەبارەت بە خوێندەوار بوونی مەحەممەد.
سونیەکان دەڵێن کە مەحەممەد توانای خوێندن و نووسینی نەبووە، بەڵام شیعەکان لە سەر ئەو باوەرە نین.

شیعەکان لە کتێبی "حیات القلوب" کە لە لایەن "جەیمز مێریک" وەرگێردراوەتەوە بۆ زمانی ئینگلیسی (23) لە پێشەکی ئەو کتێبەدا هاتووە کە:" سەبارەت بە وشەی "امی" کۆمەڵێ بیر و رای جیاواز هەن. هێندێ دەڵێن کە پێغەمبەر بە هۆی ئەوەی نەخوێندەوار بوو پێیان دەگوت "امی".
هێندێکیتر دەڵێن کە "امی" سفەتێک بوو کە مەحەممەدی لەگەڵ قەومەکەی لە یەک نزیک دەکردەوە یانی ئەویش وەک قەومەکەی نەخوێندەوار بووە، هێندێ لە سەر ئەو باوەرەن کە "امی" لە "ام" بە مانای دایک وەرگیراوە و بە هۆی ئەوەی مەحەممەد وەک منداڵێ سادە بوو پێیان دەگووت "امی".
هێندێ کەسیتریش دەڵێن کە "امی" بە مانای ئەو کەسانەی کە خەڵکی "مەکە"ن و مەحەممەدیش چون خەڵکی "مەکە" بووە پێی دەگوترا "امی".
بەڵگەیەکیتر کە شیعەکان بۆ خوێندەوار بوونی مەحەممەد باسی دەکەن، رێکەوتنێکە لە نێوان مەحەممەد و تایەفەی "قریش" لە ساڵی شەشی هیجرەت،کە لە شوێنێ بە نێوی"حدیبیە" لە نزیک "مەکە"وە بەرێوە چوو. "البخاری" لە "صحیح البخاری" و "ابن هشام" لە کتێبی "سیرت الرسول" (24) بە تەواوی باسی ئەو رێکەوتنامەیە دەکەن.
"البخاری" دەنووسێ کە بۆ ساز کردنی رێکەوتنەکە، "عەلی" لە لایەن مەحەممەدەوە هەڵبژاردرا و مەحەممەد پێی گوت کە لە کاتی نووسینی بریارنامەکە دەبێ لە قەراغ ناوی مەحەممەد بنووسرێت"رەسول اللە" بەڵام "سهیل بن عمر" وەک نوێنەری تایەفەی "قریش" دژایەتی لەگەڵ ئەم شتە کرد و گوتی ئەگەر تایەفەی قریش مەحەممەدیان وەک پێغەمبەری خودا قەبووڵ کردبا ئەوە پێویستی نەدەکرد کە ئێمە لێرە کۆبینەوە و رێکەوتن نامەیەک بنووسین. دواتر داوای لە علی کرد کە "رەسول اللە" پاک کەنەوە و تەنیا بنووسرێت "محمد بن عبداللە". "علی" لە وەڵامدا گوتی کە سوێند بە خودای گەورە کە قەت "رەسول اللە" لە نێوی مەحەممەد جودا نابێتەوە. البخاری دەنووسێ کە دواتر مەحەممەد بریارنامەکەی لە علی وەرگرت و بۆ خۆی نووسی:" محمد بن عبداللە." (25)
"ابن ابی شیبا" دەڵێ کە پێغەمبەر پێش لە مردنی توانای خوێندن و نووسینی هەبووە ومن کەسانێ دەناسم کە ئەوەیان بە چاو دیوە." (26) چونکە "ابن ابی شیبا" لە ساڵی 105 هیجری مردووە، دەتوانی قسەکەی راست بیت.
بەڵام گەورەترین و مێژوییترین بەڵگە بۆ خوێندەوار بوونی مەحەممەد دەکەرێتەوە بۆ کردەوەیەکی وی کە لە رۆژی 4 ژوئەنی 632 میلادی یانی سێ رۆژ پێش وەفاتی، کە پێغەمبەر کردوویەتی.
زۆربەی کەسایەتیەکانی ئیسلامی ئەو سەردەمە ئاگاداری ئەو کارە و ئەو رۆژەی مەحەممەد بوون کە پێغەمبەر لە سەرە مەرگدا داوای چی کردووە، کە تەواو نەخوێندەوار بوونی پێغەمبەر رەت دەکاتەوە.
"شهرستانی" لەم بارەوە دەنووسێ کە:" پێغەمبەر گوتی: پێنووسێک و دەوات و کاغەزێکم بۆ بێنن، چون دەمهەوێ شتێکو بۆ بنووسم تا دوای مردنم گومراە نەبن." (27) هەتا ئەمرۆ هەموو موسڵمانان دانیان بەوەدا هێناوە کە مەحەممەد لە سەرە مەرگدا داوای ئەو شتانەی کردوون. "ئێسپرێنگێر" لە کتێبی "ژیانی مەحەمەد"دا زیاتر لە 9 بەڵگەی هێناون کە ئەو داوایەی مەحەممەدیان لە سەرەمەرگدا نووسیوە.(28) ئەگەر مەحەممەد توانای نووسینی نەبووە، ئەوە پێنووسی بۆچی بووە؟ دواتر کەس نییە لەو پێغەمبەرە بپرسێ کە ئەو شێست و سێ ساڵ زیندوو بوو بەڵام هەوڵی نەدا ئەو شتە گرینگەی کە پێشگیری لە گومراهی موسڵمانان دەکرد، بە موسڵمانان بڵێت، بەڵام لە سەرەمەرگدا وەبیری دێتەوە و دەیهەوێ پێیان بڵێت و بۆیان بنووسێت.
وەک دواین بەشی ئەم وتارە بە ئاورێکیش بدەینەوە بۆ ئایەی یەکەمی سورەی "علق" نووسراوە کە" اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ." ماناکەی :" وەخوێنە بە نێوی خودا کە دونیای خەڵق کرد." بە بروای هەموو موسڵمانان ئەوە یەکەم ئایەیە کە بە سەر پێغەمبەردا نازل بووە. مەحەممەد دەگێرێتەوە کە کاتێ کە غاری "حرا" بووم، "جبرئیل" هاتە لام و گوتی: وەخوێنە. وەڵامم دایەوە: ناتوانم وەخوێنم.
ئەو کەسە دەستی لەسەر شانم داناو و دووبارە گوتی: وەخوێنە.
دیسان مەحەممەد وەڵامی داوە: ناتوانم وەخوێنم.

ئەو کەسە بە دوو دەستی شانەکانی مەحەممەدی فشار دا(توند کوشی) و گوتی: وەخوێنە.
مەحەممەد دەڵێ کە فشاری دەستەکانی ئەو کەسە وای لێکردم کە نزیک بوو وەبوورێم، بۆیە پرسیم: دەبێ چ وەخوێنم؟
گوتی: اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ یانی وەخوێنە بە نێوی خودا کە دونیای خەڵق کرد.
موسڵمانان ئەو ئایەتە ئاوا تەفسیر دەکەن، کە مەحەممەد توانای خوێندەواری نەبووە و نەیتوانیوە وەخوێنیت.
هێندێ لە موفەسرین و نوسەرانی ئیسلامی وەک"ابن اسحاق" و "البیضاوی" ئەو شێوەی هاتنی "جبرئیل" و ئەوەی کە دەڵێ وەخوێنە بە رۆیا دەزانن. "عسقلانی" لە کتێبەکەی بە نێوی "فتح الباری" کە لە تەفسیری "صحیح البخاری"دا نووسراوە لە بەرگی یەکەم و لاپەرەی 18 دا دەڵێ کە: مەبەستی مەحەممەد لە وەڵامی "من ناتوانم وەخوێنم" ئەوە بووە کە بڵێت کە " من ئێستا ناتوانم وەخوینم" و یان " ئێستا ئامادە نیم وەخوێنم". چونکە لە کاتی هاتنی "جبرئیل" مەحەممەد بە وتەی خۆی وای لێدێت کە خەریکە وەبوورێت. "عسقڵانی" لە درێژەی باسەکەیدا دەنووسێت کە:" بە پێی قسەی هێندێ راوی لەو کاتەدا مەحەممەد بە "جبرئیل"ی گووتوە کە "من چۆن دەتوانم لەم (هەل و مەرجەدا) وەخوێنم" یان پرسیویەتی کە "چ وەخوێنم" . ئەگەر نەخوێندەوار بوایە، ئەوە دەیگوت من نەخوێندەوارم بەڵام مەحەممەد دەڵێ کە چ وەخوێنم یانی توانای خوێندنەوەی شتێکی هەبووە کە پرسیویەتی چ وەخوێنم.
لە ئاخری ئەم وتارەدا و بە پێی ئەو قسانەی کە گوتران وێ دەچێ کە وەڵامی ئەو پرسیارە یانی " ئایا مەحەممەد خوێندەوار بووە یان نە؟" زۆر سەخت نەبێت. هەر یەک لەو بەڵگانەی کە ئاماژەیان پێکرا دەتوانن بسەلمێنن کە مەحەممەد نە تەنیا نەخوێندەوار نەبووە بەڵکو زۆر بە باشیش هەم توانای خوێندنەوە و هەم توانای نووسینی هەبووە.

## پەراوێزەکان:


1- Clement Huart, A History of Arabic literature (London: 1903)

2- مەحەممەد، پێغەمبەرێ کە دەبێ جارێکیتر بناسرێت. نووسینی: گیورگیو لاپەرەی 30
3- مەحەممەد، پێغەمبەرێ کە دەبێ جارێکیتر بناسرێت. نووسینی: گیورگیو لاپەرەی 32

4-Samuel M. Zwemer, Studies in Popular Islam (London: The Sheldon Press, 1934), P. 101
5-William Muir, K.C.S.I, The Life of Mohammed. Edited by T.H Weir (Edinburgh: John Grant, 1911)
6- Von Martin, Hartman. De Islamisce Orient (Leipzig: 1909) Vol, II, P. 425
7- William Muir, The Mohammedan Controversy. P .114

8- عەسقڵانی، تەفسیرێ لە سەر فەتح الباری، بەرگی یەکەم، لاپەرەی 19

9- Encyclopedia of Islam, 5 Vols. (London and Leiden: 1913-38)
10- William Muller, Thel Life of Mohammed, T.H.Weir (Edinburg: 1923)
11- Charles Cutler Tourey, The Jewish Foundation of Islam (New York: Ktav Publishing House. Inc.. 1967). P 38
12- E.H.Palmer, The Koran (London 1951), P 48

13- J.M.Rodwell. The Koran, (London 1937)
14- E.W.Laine, An Arabic- English Lexican, 2 Books, (London: 1863-93) P 92
15- Charles Cutler Tourey, The Jewish Foundation of Islam, P, 38
16- Rodwell, The Koran
17- مەحەممەد بن جرير الطبرى، طريقة الامم و الملوک. 12 بەرگ(قاهيره: 1326 هيجرى)، بەرگى سێهەم، لاپەرە 142

18- Samuel M.Zwemer, Studies in Popular Islam, P. 106
19- ابن عباس، بەرگى دووهەم، لاپەرەى 426
20- مەحەممەد بن جرير الطبرى، طريقة الامم و الملوک، بەرگى سێهەم، لاپەرەى 143
21- Mohammed Ali, The Holy Koran (Woking, 1917)
22- Zwemer, Studies in Popular Islam, P 108
23- James Merrick, The life and Religion of Mohammed ( Boston: 1850)
24- عبدالملک بن هشام، سيرت رسول الله ، بەرگى دووهەم، لاپەرەى 175
25- مەحەممەد بن ئيسماعيل البخارى، صحيح البخارى،(قاهره: الشب) بەرگى دووهەم، لاپەرەى 170
26- Zwemer, Studies in Popular Islam, P 113

27- محمد بن عبدالكريم شهرستانى ، الملل و النحل، ابو عبداله محمد بن سعد، کتێبى طبقات الكبير، 9 بەرگ، لاپەرەى 149

28- Sprenger, The Life of Mohammed.
29- فتح البارى، تەفسيرێ لە البخارى، بەرگى يەكەم، لاپەرەى 18
30- ئاوردانەوەيەک لە قورئان، نووسينى دوكتۆر مەسعودى ئەنسارى
31- الله اكبر ، نووسينى دوكتۆر مەسعوودى ئەنسارى
32- ئيسلام و موسڵمانى، نووسينى دوكتۆر مەسعوودى ئەنسارى
33- ماڵپەرى آيتالله سيستانى، بەشى فارسى و كورديەكەى و قورئانەكەى www.al-shia.com
34- ماڵپەرى حەوزەى عيلميە www.hawzah.net

Ce document à été crée avec Win2pdf disponible à http://www.win2pdf.com/fr
La version non enregistrée de Win2pdf est uniquement pour évaluation ou à usage non commercial.